هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٦

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

# پێرست

پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/٦/٧ ل ٥
پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/٦/١٢ ل ٩٧
پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/١٥ ل ١٦٧

سیاغەکەی بەم شێوەی لێبکرێت بۆ رێگری کردن لە کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و دەست بەسەرداگرتن یان و ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و سزادانی بکەرانیان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ لێژنەی ناوخۆ، دکتور گیان فەرموو.

**بەڕێز محی الدبن حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکم ئامادەکردووە بەکورتی باسی دەکەم بەمەبەستی رێگرتن و قەدەغەکردن و دەست بەسەرداگرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و بنبڕکردنی هەناردەو هاوردەکردن و مەعامەلەکردنیان پێوە ودابین کردنی سەلامەتی و سەقامگیری بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەست، بە جێبەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار ئەکەین کە بریتەیە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسایی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسایی چاودێری کردنی ناوجەوانن ژمارە ٧٦ ساڵی ١٩٨٣ فەرموون بەڵێ داوا لە سەرۆکایەتی لێژنەی کۆمەڵایەتی دەکەین فەرموون کاروباری کومەڵایەتی.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رازین ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە بنەما بۆ مناقەشە؟ بیکەن بە بنەما، یەکسەر ناونیشان.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی (٤) شەمە ڕێکەوت (٢٠٢٢/٥/٢٥) کاتژمیر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی مادده (٨٠، ٨٥) و بڕگەکانی (١، ٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیارە یاسای هەمواری جێ بەجێ کردنی یاسای چاودێری ناوجەوانانی ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣ ) لیژنەی یاسایی ئەو داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسندە:

پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری ناوجەوانان ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناونیشان بیخوێنەوە، کی قسەی هەیە؟ شیرین خان و دکتۆر رێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پێشـنیازە یاسـایە وەکـو خـۆی بوعـدێکی مرۆیـی هەیە جگە لە بوعـدی سـزادانی ئەو کەسـە کە لەو مەرحەلەی تەمەنە تووشـی جۆرێـك لە تـاوان ئەبـن، پـێم باشـە جـگە لە چـاودێری وشەی شیاندن بێتە ناوی، بەو شێوەیە:

یاسای چاودێری و شیاندنی ناوجەوانان، چونکە هەم تەئهیلە و هەم موتابەعەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**ببەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦ ی سالّی ١٩٨٣) ی هەمـوار کـراو لە هەرێمـی کوردسـتان، پرسیارم لە لیژنەی تایبەتمەند، ئایا ئەو یاسـای پێشـتر هەمـوار کـراوەتەوە؟ ئەگەر کـراوە بـۆچی ئاماژەی پێنەکراوە کە هەموار چەندەمی ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەڵامی شیرین خان.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت پێشنیاری دکتۆر ڕێبوار، ناتوانین ئێمە چونکە یاسای خۆمان نیـیە بتـوانین دەسـتکاری بکەین وشەی تر ئیزافە بکەین، یاسای ئیتیحادیە و لێرە نافیزە، سەبارەت بە شـیرین خـان، بەڵـێ ئەو یاسایە لێرە نافیزە تا تەعدیلی چوارەمیش نافیزە، پێش ساڵی (٩٢) بوو، بەس ئەو تەعـدیلی پێـنجەمە لە عێـراق کـراوە، قـانوونی ژمـارە (٢١ ی سـاڵی ١٩٩٨)، ئەوەی (٩٨) ئەگەر پەرلەمـانی کوردستان بەرکار نەکات لێرە بەرکار نابێت، بۆیە هاتووین بەرکاری بکەین لەگەڵ تەعدیل تەتبیق بکەین، بەڵام چوار تەعدیلە، ئەسلی یاساکە لەگەڵ هەر چوار تەعدیل نـافیزە، بەس هـی پێـنجەم نـافیز نەبـوو، چـونکە هـی سـاڵی (٩٨)ە، ئـێمەش دوای (٩٢) ئەبـێ بە یاسـایەك و بڕیـارێکی تـر یاسایەکی عێراقی ئینفاز بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی یەك، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان داوای ئەو تەعدیلە جگە لەوەی ئەنـدامانی بەڕێـزیش پێیشنیاریان کردووە ئەنجومەنی دادوەریش داوایان کردبوو بە ڕەسمی، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١):

پیادە کردنی ماددەی (٥٤) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە و بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٥٤):

دادگای نەوجەوانان پێکدێ لە سەرۆکایەتی دادوەرێـك کە بە لای کەم لە پـۆلینی سـێیەم بێـت و دوو ئەندام یەکێکان یاسایی بێت و ئەوەی تر تایبەتمەند بێت بەو زانسـتیانەی پەیوەندیـدارن بە

نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت لە (٥) ساڵ، دادگای ئەڕوانێتە تاوانەكان بە سیفەتی پێداچوونەوە و بڕیارەكانی دادوەری لێكۆڵینەوە یەكلا ئەكاتەوە بەپێی حوكمەكانی ئەو یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پیادە كردنی مادده (٥٤) ی یاساكە بە هەموارە داینـاوە، پێم باشە مادده (٥٧) ی یاساكەش هەموار بكرێتەوە، بكرێتە مادده یەك بەو شێوەیە:

پێویستە سزا لەسەر نەوجەوانان لە سەرجەم كەیسەكان لەلایەن دادوەری نەوجەوانان دابنرێ كە تایبەتمەندە بە واها تاوانێك، لە كاتێ نەبوونی هەواڵە ئەكرێ بۆ نزیكترین دادگای نەوجەوانان بۆ سزادانی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژده محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یەكێ ئەڵێ دادگای نەوجەوانان پێكدێت بە سەرۆكایەتی دادوەرێك لای كەم لە پۆلینی سێیەم بێت و دوو ئەندام یەكیان یاسایی بێت، ئەوە دادگایە ئەزیەت نەبێت لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕوون كردنەوە بدەن، ئەوە دادگایە ئەگەر یاسایی نەبێت چۆن ئەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەعدیلەی كراوە هەر یاسایەكەیە و گۆڕاوە، ئەوەی كە ئیختیساسی لە عیلمی جەرائیم هەیە، بەس ئێستا قەراری مەحكەمەی ئیتیحادیە عەدەم دەستووریە ئەو هەیئەی مەحكەمانە هەموویان ئەبی حاكم بن، چی ئەمینێتەوە بۆ ئەوەی سەرۆكەكە حاكمە چ یاسایەكێش دائەنێ؟ هەر یاساییە، ئەبێ بە دوو یاسایە، هەرسی هەیئەكە ئەبێ لە حاكم پێك بێت، قەرارەكەش ئەنێرن بۆ لیژنەی یاسایی، چونكە تێكەڵاویی لە سوڵتەی تەشریعی و تەنفیزی دروست ئەبێ، ئەو یاسایە وەزارەتی عەدل دایئەنێت، تێكەڵاویەك لە سوڵتەكان دروست ئەبێت لە ئیختیساسەكان، بۆیە ئەویش بە عەدەم دەستووری داینـاوە، هیوادارم ووردەكارییەك لە ماددەیە بكرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستان بە فەرمی داوایان لە پەرلەمانی كوردستان كردووە بەو شێوەیە بێت، ئێمەش ئەمانتوانی قەرارێكی مەحكمەی دەستووری لەو ڕووەوە هەیە، بەڵام دیارە ئەوان وایان پێ گونجاو بووە، فەرموو دكتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ڕوونە هەر کەسێك ببێ بە دادوەر کارێکە زۆربەی ئەوانەی ئەبن بە دادوەر یان بە ڕەهایی ئەوان دەرچووی یاسای و مافپەروەر و ئەوانەن، بەڵام وشەی زانستی پەیوەندیدار هاتووە، هەمانە عیلمی جەریمەیە یا کۆمەڵناسە، ئایا ئەوانەش ئەکرێ ببن بە دادوەر؟ ئەگەر وایە ئەو زانستانە بە مولحەقێك لەو پێشنیازە یاسایە ناوی زانستەکان بێت وەکو مولحەقێك باشە بۆ ئەوەی ئاشنا بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر ناوەڕۆکی یاساکە هەیە، خاڵی یەکەم ماددەی یەك، پیادە کردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە کە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە، ئەگەر بکرێ بەو شێوەی خوارەوە باشترە، لەسەر ئەوەی دادگایەك پێکدێت، باس ئەکات دادگای نەوجەوانان پێکدێ لە سەرۆکایەتی دادوەرێك، وا پیشان ئەدرێ پێکدێ لە دادگایەکێ نوێ دروست ئەکرێ، لە ئەسلدا هەیە پێم وابی لە هەرێم، ئەو وشەی بگۆڕدرێ یان کۆ ئەبێتەوە یان بە هەر شێوەیەك، باس لەوە ئەکرێ یەکێکیان یاسایی بێت، ئەکرێ دەرچووی پەیمانگاش بە سیستەمی وەزیفی ئەروات بە نموونە ئیدارەی قانوونی ئەبێتە یاسایی، ئەوەی تر تایبەتمەند بێ لە بواری نەوجەوانان، دیاری نەکرا ئایا بڕوانامەی چییە؟ ئەکرێ کەسێکی بی شەهادە ئەندام بێ لەو دادگایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە قسەتان هەیە، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت ماددی پێ باشە دادگاها نەجەوانە پێك دێت لە دادوەرك و دوو ئەندام، پێ باشە بۆ ئامادە ببونا پزیشکەکا دەڕوونی یان کۆمەلناسەك ل هەمی دادگاهی ئەڤرۆپێدا وەختی دادگا کرنا نوجەوانەك بێت پیتڤیا پزیشکەکی پسپۆر تایبەت بە دەڕووناسا یا کومەلناسا ئامادە بت ژ بەر هندەك جارا راویژ کرن دگەل ڤی پزیشکی، پی باشە دادگەهی کوردستانی ژ بۆ نوجەوانان ئەڤە بێتە ئیزافە کرن، باوەر کەم پشتەڤانی دێتە ڤی خاڵی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو بەڕێزت ئاماژەت پێدا جگە لە پێشنیازە یاسایە، پرۆژەی ڕەسمی ئەنجومەنی دادوەریش هاتووە موتابەعەمان کردووە، عەینی شتە لە ڕووی ناوەرۆکەوە، بەڵام ئەوەی سەرچنار خان ڕاستە ئەبێ پێداچوونەوەیکی تر بکەین لە قەراری مەحکەمەی ئیتیحادی بەس بۆ ئەکید کردن

باشە، سەبارەت بە کاك شێخ زاهیر ئەڵێ خۆی نەصی ئەصڵی یاساکە ئەوایە، کە دێین تەعدیلی ئەکەین ئەو نەصەیە کە ئەڵێ پێك دێت، بەو شێوەیە تەعدیل کراوە مانای ئەوە نییە پێشتر نییە ئێستا دروست ئەکرێ، بەس صیاغەکەی گۆڕاوە، چونکە تەعدیلە، مولاحەزەکیشم هەیە، بە ئیجازەی برادەرانی لیژنەی یاسایی، بەڕێزت دکتۆرات هەیە لە قانوون، حەز ئەکەم بەڕێزت لەگەڵ من بی لەسەر ئەو مولاحەزەیە، لە کۆتایی ئەڵێ لە (٥) ساڵ، دادگا ئەڕوانێتە تاوانەکان، جینایەت، لێرە پێویستە فاریزەیەك دابنرێ، ئەگەر ئەو فاریزەیە نەبێت یەکسەر بڵێی ئەڕوانێتە تاوانەکان، بە سیفەتی پێداچوونەوە، ئەوەی من لێی تیگەیشتبم دوێنێش، بە سیفەتی پێداچوونەوە سەیری ئەو تەعنە ئەکات کە لە بڕیاری قازی تەحقیق ئەدرێ، نە دەڕوانێتە تاوانەکان بە سیفەتی پێداچوونەوەی تەمیزی، لەبەر ئەوە ئەگەر فاریزەیەك لێرە دابنێین دوایی فاریزە و واوێك دانێین بە سیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکانی بە سیفەتی پێداچوونەوە ئەو واوەی کۆتایی مەسح بکەین ئەبێتە بە سیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکانی دادگای لێکۆڵینەوە ئیلغا ئەکاتەوە، چونکە دوو شتی لێك جیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی بەڕێزت و کاك شێخ زاهیر و سەرچنار خانیش پێویستە دیراسەی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەو تێبینیەی کاك چیا کە هەبوو لەسەر ئەوەی تەخەسوسێکی دەروونناسی یان کۆمەڵناسی وجودی هەبی لە ناو دادگاکە، لە بڕگەی دووەم ئەڵێ دوو ئەندام یەکێك یاسایی ئەوەی تر تایبەتمەند بێ بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان سایکلۆجست و کۆمەڵناسی و کاری کۆمەڵایەتیش ئەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکان لەسەر ئەو ماددەیە زۆر بەجێیە، پێویستە دیراسە بکرێ، فەرموو ماددەی دوو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

ماددەی (٢):

پیادە کردنی ماددەی ( ٧٦) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٧٦):

١- ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجامدا سزایەکی زیندانی بێت کە ماوەی لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت دادگای نەوجەوانان لەجیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆ دەرکراوە بەیەکێ لەو ڕێو شوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات:

أ – ڕادەست کردنی بە بەخێوکەری یان یەکێ لە خزمەکانی بەپێی بەڵێنامەیەکی دارایی کە دادگا مەزندەی ئەکات بەو شێوەی لەگەڵ بارای دارایی بگونجێ بۆ ئەوەی هەڵبستێ بە جێ بەجێ کردنی ئەو ڕاستپاردانیە دادگا بڕیاری لێ ئەدات بۆ مسۆگەر کردنی باش پەروەردە و ڕەفتار کردنی و ئەنجامنەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١) ساڵ و زیاتر نەبێت لە (٣) ساڵ.

ب- دانانی لە ژێر چاودێری ڕەفتار بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

ج- دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مندالاَن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (٦) مانگ و زیاتر نەبێت لە (٥) ساڵ.
٢- منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەتێکی) ئەنجامدا سزاکەی زیندانی بێت کە ماوەکەی لە (١٠) ساڵ زیاتر بێت پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی ئەدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مندالاَن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێ لە ( ٣ ) ساڵ و زیاتر نەبێت لە ( ٥ ) ساڵ.
٣- ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەت) ئەنجام بدات سزاکەی لە سێدارادان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مندالاَن بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (٥ ساڵ و زیاتر نەبێت لە ١٠) ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك دیاری، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابو بەکر، موژدە خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عمر، گولستان خان، کاك کاروان، شیرین خان، کاك عوسمان سیدەری، کاك بەهمەن، کاك ادریس، دکتۆر ریبوار، حاجی هەلکەوت، شیخ زاهیر)، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگشتی سەرنجی من لەسەر ماددەی (٢) و هەموارەکەیە، پرسیارم بۆ لیژنەی یاسایی و پەیوەندیدارەکان و بەتایبەت سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئایا ئەو هەموار و ماددەیە هۆکارێك نابێت بۆ ئەوەی ڕێژەی تاوان کردن لە نێو نەوجەوانان بە شێوەیەکی زۆر بڵاوبێتەوە و ببێتە دیاردە، ئەزانین لە بەشێکی زۆری وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ئەوروپی منالًی نەوجەوان بەشێکی گەورەی بازرگانی ماددەی هۆشبەر و هی تر، بەکاریان دێنن ئەزانن یاسا لە خزمەتی ئەوانە، چۆن ڕێگری لەوە ئەکرێ، دوو، قوتابخانەی شیاندن، لە هەرێم هەیە بۆ ئەوەی منالً وا لێ بکەین جارێکی تر تێکەڵی کۆمەڵگا بکرێتەوە و ئەو گرێنتیە بێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر تاوان نەکات؟ ئێمە چاکسازیمان هەیە کە سەرنجی گەورەی لەسەر بۆ ئەوەی هەندێ جار تاوانبارێك بە تاوانێکی بچووك ئەچێتە ئەو شوێنە فێری دەیان تاوانی تر ئەبێت، لەسەر بەکارهێنان، ئەو خاڵەی ئەڵێ بڕگەی (أ) رادەست کردنی بە بەخێوکار یان یەکێ لە خزمەکانی، زۆرجار ئەوە ڕەنگە ریگایەکێ تر بی بۆ ئەوەی تاوانەکەی پێ بکات و دواجار هەر تەسلیمی خۆم ئەکەم خۆشم سەرپەرشتی ئەکەم و کێشەم نییە، پرسیار ئەوەیە قوتابخانەی شیاندن دووەم ئەوانە ڕێگر نابن بۆ ئەوەی لە نێو نەوجەوانان ڕێژەی تاوانکار کردن زیاد بێت؟سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەهمەن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەگشتی تێبینم لەسەر یاساکە بە ناوی چاودێری نەوجەوانانە، لەو خاڵە باسی (صەبی) کراوە، منداڵ کە (صەبی) ئەزانین بە عەرەبی بە منداڵی زۆر بچووك ئەوترێ، ئەو منداڵە لە

هیچیان تەمەن دیاری نەکراوە، نە لە (صەبی)، نە لە نەوجەوانیش، نەقوصانیەکە لەو یاسایە ئەبی تەمەنەکان دیاری بکرێ، کە وتت منداڵ تاوانی جینائی ئەنجام نادات، منداڵێکی بچووك توانای تەقە کردنی نیە، ئەبی تەمەن دیاری بکرێ مەبەست کێیە، ئەگەر تەمەنەکە دیاری نەکرێ بۆ نموونە لاوێك تاوانێکی جینائی ئەنجام ئەدات لە تەمەنی (١٥) ساڵیە تاوانێکی جینائی ئەنجام ئەدات، تۆ لەوێ دیاری کراوە (٣ بۆ ٥) ساڵ بخریتە قوتابخانەی شیاندن، لە ماوەی ئەو (٣) بۆ (٥) ساڵە سونی بلغ تەواو ئەکات، ئی تەوای کرد ئەوکات حوکمی چییە؟ بەپێی هەمان یاسا حوکم ئەدرێ یان ئەگەڕێتەوە بۆ یاسای جینایەت؟ بۆیە ئەوە هیوادارم لیژنەی یاسایی وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ادریس.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری کاك بەهمەن ئەکەم، پێم خۆشە پێناسەی منداڵ لە چ تەمەنێکە تا چ تەمەنێك؟ حوکمەکانی ئەو یاسایە لەسەر چ تەمەنێك تەتبیق ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێ، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێك (جینایەت) ئەنجام بدات سزاکەی لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی مندلان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ( ٥ ساڵ و زیاتر نەبێت لە ١٠ ) ساڵ، پشتیوانی لەو بڕادەرانە ئەکەم مەسەلەی تەمەن دیاری بکرێ، حوکمەکە کە لە سێدارەدانە ئایا ئەو قوتابخانەی شیاندنی منداڵان لە کوردستان هەیە؟ ئەگەر نیە پێویستەپیش ئەوەی یاسایەکە لەگەڵ ئەوەش ئیشارەت بەوە بدرێ کە قوتابخانە دروست بکرێن لای کەم لە پایتەخت یان سلێمانی و شارەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو خاڵەی کاك بەهمەن ئاماژەی پی کرد مەسەلەی تەمەن تەواو هاورام، ئەبی تەمەن دیاری بکرێ، دووەم، بابەتی قوتابخانەی شیاندن لە کوردستان نیە، ئەوەی کاك عوسمان و کاك دیاریش یاسیان کرد حکومەت ئیلزام بکات بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی شیاندن بکاتەوە تایبەت بەو بوارە، ئەگەر بخەیتە ناو قوتابخانەیەکی عامەوە هیچ سوودی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمەن لە قانوونی تر دیاری کراوە، مناڵ یەك مانگ و حەوت ساڵە، تەمەنی تر حەوت ساڵ بۆ (١١ ساڵە، ١١ ساڵ بۆ ١٨ ساڵە)، بۆیە بەڕێزان لە لیژنە دیاریان نەکردووە، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام دا سزایەکی زیندانی بێت کە ماوەی لە ( ١٠ ) ساڵ زیاتر نەبێت دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆ دەرکراوە بە یەکێ لەو ڕێوشوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات، دیارە بەپێی یاسای ژمارە (١٤ ی ساڵی ٢٠٠١) یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی لە هەرێم لە ماددەی یەکەم خاڵی یەك هاتووە تەمەنی (١١) ساڵی تەواو نەکردبی بە بچووك لە قەلەم ئەدرێ، واتە منداڵ، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە کە ئاماژە بە یاسایەکێ تایبەتمەند بۆ تەمەنی نەوجەوانان یان مێردمنداڵ هاتووە ئەبێ لێرە وشەی منداڵ لابرێ بکرێ بە مێردمنداڵ یان نەوجەوانان، دووەم، تاوانێکی جینایەتێك، ئەو دوو وشەیە هەشت ئەکەم تۆزێك قورس دێتە سەر زمان یان مانایەکێ باشی نەبێت، بۆیە پێم باشە بکرێ بە تاوانێکی جینایەتێك، زائیدەن پێشنیاری ئەوە ئەکەم بۆ بڕگەکانی دواتری ئەو ماددەیە ڕێك بخرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی فەلسەفەی ئەو تەعدیلە لەلایەن ئەو لیژنە و ئەنجومەنی دادوەریش بۆ دوو شت ئەگەڕێتەوە، یەکەم، تەعاتوفە لەگەڵ منداڵ کە قوربانییە لە ژینگەیەکێ وەکو کوردستان نە خێزان و نە موئەسەساتی پەروەردەیی ڕۆڵی خۆیان ئەبینن، فەلسەفەی دووەم بریتییە لە عوقوباتی بەدیلە کە لێرە ئاماژە پێکراوە، منیش هەمان پرسیارم هەیە، لەو ماددەیە ئەیسپێری بە دوو موئەسەسەی تر، یەکەم، جارێکی تر ئەیگرێتەوە بۆ ناو خێزان و بەخێوکەر، یان خزمە نزیکەکانی، کە ئایا بە هەمان پرۆسە تێناپەری جارێکی تر؟ دووەم، فیعلەن قوتابخانەی شیاندن، هاورای ئەو برادەرانەم کە ئایا ئەو قوتابخانەیە کە ئەکید بکاتەوە لە کوردستان مەوجودە؟ وەکو چۆن چاکسازیەکان کە ناویان چاکسازییە، بەڵام بە ئیعتیرافی زۆربەی ئەوانەی لەو موئەسەسانەش کار ئەکەن شروتی چاکسازی نییە، بۆیە ئەبێ کە موتەعاتفین لەگەڵ منداڵ کارێکی زۆر باشە، بەڵام ئەبێ بە هاوسەنگی موئەسەسەکانی تریش بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن بۆ ئەوەی بە فیعلی شیاندن تەئهیل بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز موژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینم لەگەڵ وشەی منداڵ و (صەبی) هەیە، پێم وایە تەمەنەکان دیاری بکرێن یان بکرێ بە مێرد منداڵ، منداڵ لە چەندەوە بۆ چەند پێی ئەوترێ صەبی و مێرد منداڵ و گەنج، سەبارەت بڕگەی (أ) رادەست کردنی بە بەخێوکەری یان یەکێ لە خزمەکانی ئەوە ناگەڕێتەوە ئەو ژینگەی پیشووتری بۆ ئەوەی دووبارە موعەرەز بێ بە کردنەوەی هەمان تاوان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە تەعدیلی ریعایەی ئەحداسە کە پێناسەی ئەو تەمەنانەی کردووە بە چوار بەش هیناویەتی لە ماددەی (٣)، صەغیر تا (١١) ساڵە، لە ( ١١ بۆ ١٥) صەبی، (١٥ بۆ ١٨) فەتایە، لە هەمووی تا (١٨) ساڵ حەدەسی هێناوە، بەڵام لێرە کە ئەڵێ منداڵ ئەوە صەغیر، ئەبی ئەو منالە بکرێ بە مێردمنداڵ، ئێمە لە ناو کورد پێناسەی ئەو کلیلانەمان نیە ئایا منال کێیە، گەنج کێیە؟ مێردمنداڵ کێیە؟ هەرزەکار، لاو، بۆیە گرفتمان بۆ دروست ئەبی کاتێ تەرجەمەی یاساکە یان کە یاسا دەرئەکەین، هەر لەسەر بڕگەی یەکەم، ئەگەر منداڵ (صەبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام دا سزایەکی، وشەی سزا لە قانوونی ریعایەی ئەحداس بە هیچ شێوەیەك نەهاتووە، تەتبیر هاتووە، پێم باشە وشەی سزا لە هەر بڕگەیەکی ئەو هەموار هاتووە بکرێ بە تەتبیر، بە ڕێوشوێن یان هەرچی بی وشەیەکی کوردی بۆ دابنرێ، لە بڕگەی دوو کە جیای کردۆتەوە ئەوە صەبیە و پێشتر باس کرا هاتووە باسی تەدابیری سجنی کردووە، زیندان بە (١٠) ساڵ و بەرەو ژوور و بەرەو خوار هێناویەتی، لێرە هەر لە قانوون وایە کە وتت سجن ئەگەر تەحدیدت نەکرد سجنی موەئەقت ئەگرێتەوە، بەڵام لێرە ئەو پرسیارەم هەیە، باسی سزای هەتاهەتایی تێدا نییە، تەنیا سجنی موئەقەت لەگەڵ لە سێدارەدانی تێدایە، فەراغێك دروست بووە ئەبی ئەو پڕ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجێ هەلکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر داڕێژەری وتەی پیشەی ڕستەکە هەیە، لە ماددەی دوو ئەڵێ پیادە کردنی ماددەی (٧٦) ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە بەو شێوەیە ئەخوێندرێتەوە، ئەگەر یاسایەك هەموار بکرێتەوە یان هەموار نەکرێتەوە هەر خوێندنەوەی بۆ بکرێ پێم باشە ئەخوێندرێتەوە بگۆڕێ بەو شێوەیە (پیادە کردنی ماددەی (٧٦)ی یاساکە هەموار ئەکرێتەوە) بەو شێوەیەی لێ بکرێت یان لی ئەکرێت، مەعناکە زیاتر ئەبەخشیت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ زاهیر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر ماددەی (٣، ٤، ٥) ە لە ڕووی ژمارە، ئەگەر باس لە ئەسلی یاساکە ئەکەین کە باسی سزاکان ئەکەم بە نموونە (١٠) ساڵ کە ئەنووسرێ بە رەقەم نانووسرێ، ئەگەر باسی ئەسلی یاساکە بکەین، ئەگەر ئەوە شتیکی ئیزافە و نوێیە شتێکی ترە، مەراحیلی عومری مرۆڤیش دیاری کراوە پێویست ناکات دووبارە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ریبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی جیاوازم هەیە لەو بەڕێزانەی قسەیان کرد، پێم وایە هەڵەیەکی شائیع لەو ماددەیە هەیە لەسەر وشەی (صەبی) و منداڵ، صەبی لە ئەسلی زمانی عەرەبی بە منداڵ نایە، بەس بە مێردمنداڵ دێت، بۆیە سەیر بکە عینوانی پێشنیازە یاسایەکە نێوجەوانانە نەك منداڵ، منداال بە عەرەبی یەعنی گفل، حەق بوو ئەو پێشنیازە یاسایە نیشانی زمانەوانیکی عەرەبی کوردی درابوایە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵە نەکرێ، چونکە لە کاتێکدا ئەحکامەکانی ئەو پێشنیازە یاسایە بۆ صەبیە، بەڵام باس لە منداڵ ئەکات، هەڵەیە، وازیحە مێرد منداڵ لە سەرووی (١٢) ساڵە تا بن (١٨) ساڵ، لە خوار (١٢) منداڵە، ئەگەر بڕیارە ئەو پێشنیارە یاسایە حوکمەکانی و ئەحکامەکانی بۆ منداڵە ئەبی لە کاتێکدا بۆ نێوجەوانە، بۆیە وشەی منداڵ لادرێ بنووسرێ مێرد منداڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیبنیەکەت دروستە ئەبی ئەو منالە بکرێ بە مێردمنداڵ، فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ کۆی وتەکانی سەرچنارخان و دکتۆر ریبوارم، تێبینیەکێشم هەیە لەسەر شێوازی داڕشتنی بڕگەی دووەم ئەگەر منداڵ یان مێردمنداڵ تاوانێکی ئەنجامدا سزایەکەی بێت کە (١٠) ساڵ زیاتر بی پێویستە دادگای نێوجەوانان حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ (٣) ساڵ کەمتر نەبێ و لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێ، لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە، واتە لە خاڵی سێیەمیش هەمان شتە، سزایەکەی لە سێدارەدان بێ پێویستە لەسەر دادگای بڕیار بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ (٥) ساڵ کەمتر نەبێ و (١٠) ساڵ زیاتر نەبێ، لە جیاتی ئەو سزایە بە یاسا بۆی دیاری کراوە، پێم گرنگە بڕگەیەك زیاد بکەین کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی مولزەم بکەین لە ماوەی دیاری کراو قوتابخانەی شیاندن بکاتەوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان بوونی نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، دەستەواژەکانی منداڵ و (صەبی) و تاوانێك، تاوان ئەزانین جینایەتە، شتیك نییە ناوی تاوانێك بێ و جینایەت نەبێت، جونحمان هەیە کەتنە، تاوان جینایەتە، پێم وایە جینایەت زیادەیە، صەبێ و مەسەلەی منداڵیش کە بەکاریان هێناوە، کۆمەڵێك قۆناغی تەمەن هەیە کە قۆناغی تەمەنی شیرەخۆرە باس ناکرێ، قۆناغی بەر لە هەرزەکاری (٩ بۆ ١٢ ساڵ) کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاری کردووە، قۆناغی هەرزەکاری (١٢ بۆ ١٨، کامل ١٨ بۆ ٦٥)، سەرەتای هەرزەکاری کە مێرد منداڵییە و ئەوانە، ئەو بابەتە لیژنەی یاسایی

پێمان بڵێین ئەگەر مەبەستیان لە صەبی و منداڵ لە (١٢ بۆ ١٦ ساڵە، یان ١٤ بۆ ١٨) یە، بۆ ئەوەی هەرزەکاری هەیە و قۆناغی پێش هەرزەکاریش هەیە، پێم وایە لەبەردەم ئەو مەسەلەیە قۆناغی مێردمنداڵیە، دەستەواژەی هەرزەکار موعتەرەفە، صەبی و ئەوانە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیکرەی ئەو هەموارە زۆر جوانە، چونکە لە کوردستان تا ئێستاش ئەو منالآنەی قوربانی خێزان و کۆمەڵگـان لە تەمەنـی (٩ سـاڵ و ١١ و تـا ١٥) سـاڵیش بەداخەوە ئەچـنە شـوێنیك کە چاکسـازیەکانن، کە بەهـۆی ئەو بـارودۆخەی کە چاکسـازیەکانی تێـدایە و کەمـی سـتافەکان شوێنێکی شیاو نین و زۆرینەیان جارێکی تر وەکو تاوانبارێك دێنە دەرەوە، لە بنەمایا فکرەی یاساکە زۆر باشە، ئەو ئیشکالانەی باس کران قوتابخانەی شیاندنی منداڵان ئیشکالی جدین و لە کوردستان نییە، ئەوە لە یاساکە خۆی کە (١١٢) ماددەیە لە کوردستان مەفروزە جێ بەجێ بکرێ، ئەزانم کەموکورتی زۆر هەیە لە زۆرینەی ماددەکان، وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی و موئەسەسەکانی تریش لە کوردستان موقەصرن بەرامبەر بە جێ بەجێ کردنی یاساکە، بۆیە ئەو قوتابخانە نییە لە کوردستان، لە چاکسازییەکان تەنیا مولحەقێکی قوتابخانەی ئاسایی هەیە، ئەوانە جێی ئەمانە ناگرێتەوە، واتە ئەو قوتابخانانە لە یاساکە کە بە زمانی عەرەبێ (مدارس تاهیل)، کە تایبەتە و ستافی تایبەتی تێدایە، زۆر گرنگن، ئەبێ وەزارەتی کار و ئەنجومەنی وەزیران ئەو قوتابخانانە دروست بکەن، خاڵێکی تر، وشەی منداڵ و صەبێ و لاو و فەتا، کارێکی زۆر باشە، لە ناو دوو کەوانە وشە عەرەبێەکە هاتووە تەنانەت بۆ جینایەتیش، چونکە ئەسلی یاساکە عەرەبێە، ئەوە وا ئەکات لە مەحکەمەکان ئیشکال دروست نەبێت بۆ تەفسیر، تەفسیری تەمەنیش کراوە بۆیە دووبارە نەکراوەتەوە، ئیمزای ئەو یاسام کردووە بۆیە ئاگادارم، پشتگری قسەکەی سەرچنار خان ئەکەم کە منداڵ بکرێتە مێردمنداڵ، لە تەمەنی (٩) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ پێناسە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو مامۆستا عومەر وتی لە ماددەی (٣) بە وازیحی ئەڵێ منالْ پیش نۆ ساڵە، کەوایە ئەو باشە بۆ منالْ نییە، نەوجەوان لە نۆ ساڵەوە بۆ پێش (١٨) ساڵە، ئەویش بریتییە لە صەبی و فەتا، وازیحە لە ماددەی (٣)، جاری با لە ماددەی (٣) دەست پی بکەین، ئەو تەمەنانە کێن؟ فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو پێشنیارەکان، زۆر بەجێن، سەبارەت بە تەمەنی جینائی ڕاستە لەو قانوونە ئێستا هەمواری ئەکەین باس کراوە، بەڵام بە نیسبەت ئێمە لە کوردستان قانوونێکی تایبەتمان هەیە ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠١) یاسای دیاری کردنی تەمەنی جینائی، کەوایە ئەو

یاسایە بۆ ئێمە بە دەرەجە یەك قانوونێکی خاصە و ئەو فەترە و تەمەنانە لێرە دیاری کراوە، ماددەی یەك لە یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠١ ) ئەڵێ چەند خاڵێك و بڕگەیکەن:
١ ئەوەی کەمتر بێ لە (١١) ساڵ بە بچووك لە قەلەم ئەدرێ.
٢- ئەوەی (١١) ساڵی تەواو کردبێ و (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێ بە مێردمنداڵ لە قەلەم ئەدرێ.
٣- ئەوەی تەمەنی ( ١١ ساڵ تەواو کردبێ و ١٥) ساڵی تەواو نەکردبێ بە منداڵ لە قەلەم ئەدرێ.
٤- ئەوەی (١٥ ساڵی تەواو کردبێ و ١٨) ساڵی تەواو نەکردبێ بە لاو لە قەلەم ئەدرێ.
ماددەی (٢) لە عەینی یاسا ئەڵێ لە کاتێ ئەنجامدانی تاوان ئەوە پرسیارێکی مامۆستا بەهمەنیش بوو، ئەگەر لە کاتێ ئەنجامدانی تاوان تەمەن کەمتر بێ لە (١١) ساڵ ئەسلەن دەعوای جەزائی لەسەر تۆمار ناکرێ، پرسیارێکی تریشی مامۆستا بەهمەن، ئەگەر لە کاتێ ئەنجامدان تەمەنی فەرەزەن (١٦) ساڵ بوو، ئەوە ئەچێتە چوارچیوەی حەدەس، چونکە حەدەس لێرە (١١) ساڵ گەورە تر و لە (١٨) کەمتر، فەرەزەن (١٦) ساڵ بوو، چووە ئەو مەدرەسەیە و چەند ساڵێك لەو مەدرەسەیە بوو، کاتێ ئەنجامدانی تاوان (١٦) ساڵ بوو ئەو قانوونەی لەسەر جێ بەجێ ئەکرێ، ئەگەر دوای ئەوە (١٣) ساڵی تریش تیپەری هەر بەو قانوونە ئەبێ، ئەوەی کاك ریبواریش لەگەڵیم، بەڵام چۆن، ئەگەر لە عینوان بکەینە مێردمنداڵ دروستە، بەڵام بۆ ماددەکانی تر بکەین نابێ، لە قانوونی ئەحداسی عیراقی هاتووە تەسنیفی عومر ئەکات، ئەڵێ ئەگەر منداڵ بوو، ئەگەر لاو بوو، ئێستا ئاماژەمان پێدا جیاوازی هەیە لە نێوانی منداڵ و مێردمنداڵ و لاو، ئەگەر لەو فەترەی تەمەنی فلان تاوانی کرد بەو رێوشوێنە تەعامولی لەگەڵ ئەکرێ، بەس مێردمنداڵ دروست ترە، ئەگەر لە عینوانەکە کە نەوجەوان نەهاتووە، مێردمنداڵە بە پێی یاسای خۆمان لە (٢٠٠١)، بۆ عنوان مەعقولە، بەس بۆ ماددەی (٢، ٣، ٤) ئەوە تەسنیفاتە نابێ لەوێ بگۆڕین، ئەخیر قسەم سەبارەت بە پرسیاری کاك دیاری، وەکو شەخص لەگەڵ فەلسەفەی ئەو یاسایە نیم، تەشجێعیکیش دروست ئەکرێ بۆ مەسەلەی کوشتن و حالەتی تاوان، کابرایەك بە کوری خۆی ئەڵێ برۆ فلان کەس بکوژە، سوود لەو قانوونە وەرئەگری، لە ڕووی فەلسەفەی جینائی موستەقبەڵێ لەگەڵی نیم، بەس مەخرەجێکی تریشمان هەیە، مەوزوعی ئیقاف تەنفیز لە قانوونی عقوبات هەر لە مادده (١٤٥ تا ١٤٩) باس کراوە ئەگەر لە ماوەی ئیقاف تەنفیزدا تاوانێکی تری کرد ئەو کات عقوبەی راستی هەمووی لەسەر جێ بەجێ ئەبێ، بەڵام لە کۆی گشتی ئەو تێبینیەم هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەوایە ئێستا لەبەردەم دوو ئەگەرین، یەکێان تەحدید کردنی سنی حەدەسە بەپێی ماددەی (٣) لە قانوونی ژمارە ( (٧٦) ی ساڵی ١٩٨٣)، قانوونی هەرێمی کوردستانیش کە لە (٢٠٠١) دەرچووە و ئەولەوێەت بو قانوونی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر بەوە بێ کاك بژار باسی کرد و ئەو تەزاروبەی هەیە لە تەحدیـد کردنـی تەمەن و بە مـوحەدەدی تەمەنـی جینـائی، ئەو مـاددانەش ئـێمە هەموارمان کردوون عیلاقەی بە عقوبە و تەحدید کردنی تەمەنی جینائی هەیە، ئەبێ موعالەجە بکەین، یان ئەوتا ئەبێ ئیقرار بکەین بەوەی لە ماددەی (٣) هاتووە و لێرە جێ بەجێ ئەکەین، یان مادام ئێمە ئەو ماددانە جێ بە جێ ئەکەین یان هەموار ئەکەین کە پەیوەندی بە سزاوە هەیە، ئەبێ لێرە ماددەیەك ئیزافە بکەین بڵێین پەیوەست بە دیاری کردنی تەمەنی جینائی بۆ ئەو

هەمـواره پشـت بە یاسـاکەی هەرێمـی کوردسـتان ئەبەسـتین، ئەگەرنـا ئێسـتا لەبەردەمـی ئیشکالیەتین، ئێستا بپرسی وەکو قانوونیەك پێم بڵێی صەبێ کێیە؟ فەتا کێیە، من ئەوەی مـاددە ٣ قانوونی ئەوەت بۆ ئەڵێم، ئەگەر هەر یەکێ لە ئیـوە بپرسـی و بڵێـی هەمـوو ماددەکـانی تـری قانوونەکەم قبوڵە و رازیش بووم و هەموارم کـردووە، بـس ئەو مـاددەیەم قبـوڵ نـیە تەحدیـدی تەمەنەکە ئەکات، ئەوە نابێ، ئەبێ لەو هەموارەش ئەو ماددەیەش دانین کە بڵێین پەیوەسـت بە تەمەنی جینائی ئەبێ بڕۆینەوە بـۆ قـانوونی هەرێمـی کوردسـتان، باسـی پەلەی نەکـردووە، کـاك بژار، رەئیت چییە تۆ؟ فەرموو بەڕێزت و لیژنەش قسەیان لەگەڵ بکە، دەرفەتتان دەدەم، با ئەوە حەسم بکەین.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجـازەی جەنابـت بـی، بەس دوو دەقە مەجـال بـدەی بە ئـێمە، رەئـی ئەو بەڕێـزانەش وەربگرین، ئەگەر دوو دەقیقە مەجال بدەی بە ئێمە، بە گفتوگۆیەك بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زیـاتر، فەرمـوو، بەڕێـزان کـاك بـژار روونکردنەوەیەکمـان دەداتـێ، ئـێمە ئێسـتا لەبەردەمـی حاڵەتێکداین، دوو قانوونمان هەیە بۆ دیاری کردنی تەمەنـی ئینسـان، لە منـاڵییەوە بـۆ سـەرەوە، بەشێکی پەیوەندی بە تەحدید کردنی تەمەنـی جینـائییەوە هەیە، کـێ سـزا دەدرێ، بەشێکیشـی پەیوەندی بە هەموو قانوونی ریعـایەی ئەحداسـەوە هەیە کە ئەم قـانوونەیە ئـێمە موناقەشـەی دەکەین، من رەقەمێك دەڵێم، کاك بژاریش رەقەمێك دەڵێ، هەردووکیشی راستە، دەبێ ئـێمە لەو بەینەدا تەوفیقێك بکەین، بەڵێ کاك بژار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت مامۆستای بۆ ئێمە، مەبەستم ئەوە نەبـوو کە مـن دەمگـوت غەڵەتە مەبەسـتم جەنابـت نەبوو، بەس حەزم کرد ئاماژە پێ بدەم قانوونی خاصمان هەیە، لە جەنابـت فێـری ئـیش دەبـین، داوا دەکەین لە جەنابت وەکو هەردوو لیژنە پێمان باشە لە کاتی ئامادەکردنی راپـۆرتی دەنگـدان مەجالمـان بـدەنێ لەوێ زۆر گفتوگـۆ دەکەیـن، سـتافی هەردوو لیـژنە، لەگەڵ راوێژکـارانیش دەگەیـنە ئەوەی باشـتر بـێ بگەیـنە رای لیـژنەی هـاوبەش، دواتـریش دێـین موحتـاجیش بـێ تەوزیحیش دەدەین، بەس ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگترە بەڕاسـتی یاسـای خۆمـانە، بـۆ؟ چـونکە یاسایەکی تایبەتە لەسەر ئەم تەمەنە، یەعنی بەس با بۆ راپـۆرتی دەنگدان بـێ ئەگەر ئەنـدامانی بەڕێز و جەنابیشت رازی بی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە، کەواتە ئێمە رایاندەسپێرین بۆ راوێـژی زیـاتر، بـۆ دروسـتکردنی تەوفیـق لە بەینـی ئەو دوو ماددەیەی کە تەزاروبییان تیـایە، دەسـتت خـۆش بـێ کـاك بـژار زۆر زۆر بـاش بـوو، بەڵـێ، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من ئەوەلەن پشتگیریا خوشکا سەرچنار دکەم بۆچوونێت وێ دا، یا دووێ/ پرسیارەکێش لیژنا تایبەتی دکەم ئەگەر (صبی) هاتبێتە تەعریفکرن د قانوونێ دا کریە (صبی ممیز) و (غیر ممیز)، یەعنی ئێك هەیە ما بەینا (صبی ممیز) و (غیر ممیز) هەر یەکێ کا نێ دێ ئەوانە چەندە؟ یەعنی عومری (ممیز)ی چەندە و (غیر ممیز) چەندە؟ تێبینیا من یا سێیێ/ خالا سێیەم لێ هاتێت بێژتن (ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزایەکەی لە سێدارەدان بی) ئەڤ هەرچەندە سۆرانی باش شارەزا نینە مە، بەس ئەز تێ دگەم یەعنی ئەڤە سزایەکەی بزڤریتە لەسەر (صبی)، ئەگەر وا بیت جوان نینە، چونکی (صبی) نایێتە سزادان، بەس بێژن سزایەکەی ئەو تاوانەی سێدارەدان بی، ئەوی وەختی دێ سزا چیتە بوچێ دچێتە تاوانێ، ناچیتە (صبی) پتر موراعاتا ریعایەتا (صبی) دهێتە کرن، ئەڤ مولاحەزە ئەز وی دبێژم بۆ هەر جارەکا د قانوونێ دا هاتبیتن سزایەکەی تاوانەکەی، ئەو تاوانە، نە دا نەچیت بۆ (صبی)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان، فەرموو.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی ئەو بۆچوونانەی ئەو بەڕێزانە باسیان کرد، کاك دیاری، کاك د.إسماعیل و بەڕێزەکانی تریش، کاکە بەهمەن، وێڕای ئەو قسانە و پشتگیریان بەڕاستی، پێموایە ئەو پرۆژە یاسایە ناڕوونە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ یاسایەك دانێین بۆ ڕێکخستن و بۆ چەسپاندنی دادگەری، لێرەدا لە هۆکاری دەرچوواندنی ئەو پێشنیازە یاسایە دەڵێ (بۆ دوور نەخستنەوەی نەوجەوانان لە خێزانەکە جیاوازای نەکردن لە نێوان بەرپرسیارێتی منداڵ و صبی) یەعنی وەکو پشتیوانییەکی لێ دێ، کاتێ کە خوا دەفەرموێ (جل شأنە) دەفەموێ: (و لکم فی القصاص حیاە) ئەوە پێچەوانەی ئەو ئایەتەیە، چۆن دەبێ قاتیلەکی پانزە ساڵی قوتابخانەیەکی ئەهلی وە بکەی؟ قوتابخانەکانمان وا داخران، بۆیە بەڕاستی بەڕێزان من دەڵێم پەلە نەکەن لەو پرۆژەیە، با دوابخرێ تاوەکو بەدواداچوونی بۆ دەکرێ، ئەگەر ئەم دانیشتنە بەردەوام بێ، من ناچارم بایکۆت بکەم، لەبەر ئەوەی خوا دەفەرموێ: (إذا سمعتم ىَيات الله يكفر بها و يستهزأ بها فلا تقعدوا معهم حتي يخوضوا في حديث غيره إنكم إذا مثلهم)، ئەگەر ئەم یاسایە ئاوا بڕوا من بایکۆت دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا بایکۆتی چی دەکەی؟ ئەوە پێشنیازە یاسای فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی یە.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەی قوتابخانە بۆ دەکرێتەوە بۆ قاتیلان؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بایکۆت لە کێ دەکەی؟ تۆ ئیمزات کردووە و هێناوتە بۆ ئێمە بە قوربان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

من ئیمزام نەکردووە ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن ئیمزات نەکردووە؟ حەز دەکەی ئێستا بۆت بانگ دەکەم.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

نەخێر ئەوە هەموارەکەیەتی بەڕێزەکەم، ئەوە هەموارەکەیەتی، گوێت لێ بێ من دەڵێم ئەگەر وابێ لە واژووەکەشم پەشیمانم و دەڕۆمە دەرەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بڕۆ.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئێمە سەرکردەکانمان تیرۆر دەکرێن لە ناو شار کەس لێیان ناپێچێتەوە، ئینجا منداڵێکی بگری لەسەر ئەوەی بچی قوتابخانەی بۆ بکەیەوە، بەڕێزەکەم، کوا یاسا ئەو کاتە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مامۆستا گیان.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

بەردەوام دەبێ؟ بڕۆم دکتۆرە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە موناقەشە دەکەین وەڵلا بڕۆیت و نەڕۆیت، بەڵێ ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

ئەگەر وابێ من زۆر داوای لێبووردن دەکەم، لەبەر ئەو ئایەتە بایکۆت دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەر هەردوو چاوم.

**بەڕێز د.عثمان علی سمایل:**

و السلام علیکم و رحمە الله و برکاتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

و علیکم السلام و رحمە الله و برکاتە، ماددەی (٣)، بەڕێزان دەستخۆش بۆ سەرنج و تێبینییەکانتان لەسەر ماددەی (٢)، دەڕۆینە سەر ماددەی (٣).

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

ماددەی (٣):

پیادەکردنی ماددەی (٧٧) یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٧٧):

یەکەم/ ئەگەر لاو (فتی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێ ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات، بە دانای لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

دووەم/ ئەگەر لاو (فتى) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدا سزاکەی زیندانی هەمیشەیی بێت ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە چوار ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

سێیەم/ ئەگەر لاو (فتی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدا سزاکەی لە سێدارەدان بێ ئەوا پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی کە بەپێی یاسا بۆی دیاری کراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندن لاوان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە پانزە ساڵ.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان لەسەر ماددەی (٣) کێ قسەی هەیە؟ فەرموون دەست بەرز بکەنەوە ئەوانەی قسەتان هەیە، ناوەکانتان دەخوێنمەوە:

کاك رزگار، کاك یاسین، کاك بەختیار، کاك ئیدریس، لێرە کێی تر هەیە؟ کاك مسلم، کاك مەم ئەسکەندەر، د.إسماعیل، مامۆستا أبو بکر، مژدە خان، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عمر، کەس هەیە نەمانووسیبێ؟ کاك مەم قسەیەکی هەیە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت لەگەڵ ئێمە حازر بووی لە کۆبوونەوەی لیژنە، موناقەشەیەکی زۆرمان کرد، خاڵی کە هەم ئێمە لە کۆبوونەوە دەترساین هەم پێشبینی ئەوەشمان دەکرد کە برادەران لێی بترسن ئەوە بوو کە بابەتی (غسل العار) و ئەوانە رەنگە خەڵك مناڵ بەکار بهێنێت، بەڵام خۆ دەبێ ئێمەش لەگەڵ دونیای سەردەم و پێشکەوتنی ئێستا بگونجێنین، یەعنی راگەیاندنێکی مافی زارۆکان هەیە لە ساڵی (١٩٨٩) کە بە هەموو شێوەیەك مناڵ پارێزراوە، یەکێك لەو مافانەی کە دەبێت بۆ مناڵ بەرجەستە بکرێت پێموایە حیمایە کردنییە بۆ ئەوەی ئیستیغلال نەکرێت، خۆ ئەگەر کەسێك مەسەلەن ئیستیغلالی ئەوەشی کرد مناڵ بەکار بهێنێت خۆ تاوانە، چونکە ئیستیغلالی ئەوەی کردووە، بۆیە ناکرێت بڵێین مەسەلەن چونکە رۆژئاوا یان لە وڵاتێك تاوان زیاد بووە بە هۆی ئەوەی کە سزاکان سووکن دەبێ لێرە سزاکان توند بن، هەر مەعقول نییە تۆ بڵێی دەبێ سزاکانی بەسەر منداڵان دا توند بن، یەعنی بە توندی تەعامول لەگەڵ منداڵان بکەن، ئەوە بەپێی یاسا دەولییەکانیش ناکۆك دەبێت، خۆ ئێمە بەشێکین لەم جیهانە، لەم سەردەمە دەژین، دەبێت موراعاتی یاسای دەولیش بکەین، یەعنی ئەوە رێکخراوە تایبەتمەندەکانی مافی مرۆڤ کە بەردەوام ئیشی لەسەر ئەوە دەکەن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە تەئیدی ئەوە دەکەین و پێمان باشە کە سزاکان لەسەر منداڵان سووك بێت قورس نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێ زۆر زۆر سوپاس، خۆی قانوون بۆ غالبی شائع دادەنرێت، بۆ حاڵەتی تاك تاك دانانرێت، دەستت خۆش بێ بۆ روونکردنەوەکەت، سوپاس کاك مەم، کاك رزگار، فەرموون.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

ماددەی (٣) بڕگەی سێیەم باسی لە سێدارەدان دەکات، یەعنی لە یاسای سزادان دا ئەگەر کەسێك تەمەنی نەچێتە (١٨) ساڵ نابێ سزای لە سێدارەدانی بەسەردا بسەپێنین، من پێشنیاریش دەکەم لیژنەی قانوونی تەمەنی منداڵەکە و تاوانەکەی چونکە بەپێی تەمەنەکە تەبعەن تاوانەکە گەورەتر دەبێت، یەعنی ئەگەر منداڵێك شەش ساڵ بێ دەبێ تاوانەکەی تاوانێکی بچووك ئەنجام بدات، ئەگەر ببێتە دوانزە ساڵ تاوانێکی ترە، ئەگەر ببێتە شانزە ساڵ تاوانێکی ترە، بۆیە هەم تەمەنی منداڵەکە و بە پێی تەمەنەکە جۆری تاوانەکەی چۆنە بەو شێوەیە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك مەم دەکەم، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەو یاسایەدا هیچ دیار نییە ئایا ئەو منداڵە چۆن تاوان دەکات، ئایا ئەو منداڵە بە ئەنقەست دەیکات؟ ئایا ئەو منداڵە مەسەلەن هەر ئەوها کەسێك دێ دەڵێ بڕۆ کەسێکی بکوژە؟ یان ئەو منداڵە شتێکی لێ دەردەچێ چەقوی پێیە؟ منداڵە و لە منداڵەکی ڕۆدەکات، باشە یەعنی ئەوە بۆ ئەوانە چ دەکرێ؟ یەعنی ئێستا کاك بژار جوانی پێکا یەعنی پێویست ناکات هەر ئێمە قسەی لەسەر بکەین، دەڵێ (من هەر لەگەڵ ئەو یاسایەدا نیمە)، منیش وەکو ئەو هەر لەگەڵ ئەو یاسایەدا نیمە، لەبەر ئەوەی منداڵ چۆن پەروەردە بکرێ، لە ژینگەیەکی چۆن پەروەردە بکرێ ئاوا دەبێ، ئەگەر نا ئێمە بچینە ئەفریقیا و ئەو وڵاتانە، پاکستان و هیندستان، هەمووی موخەدەراتی بە کار دێنن، منداڵ بەکار دێنن بۆ ئەو شتانە، ئێ کێ ناڵێ بەیانی من رقم لە تۆ دەبێتەوە کوڕەکی کچکەم هەیە دێم تۆی پێ دەکوژم، جا کاکە ئەوە منداڵە ئاگام لێ نەبووە، بۆیە دەبێ روونکردنەوەی چاك بکرێ و لەسەر ئەو یاسایە دەبێ هەڵوێستەی باش بکرێ، تەمەننام دەکرد بە داخراویش بایە ئەو جەلسەیە، نەك بە کراوەی با، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیزنم بدەی تەوزیحێك بدەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

وەڵلا دەربارەی ئەم پێشنیازە یاسایە، بەڵێ، فیعلەن قسەی جەنابتە، ئەوە پێشنیازە یاسایەکە کە فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری پێشنیازی کردووە و دەستخۆشیش لە جەنابت دەکەین کە خستوتەتە بەرنامەی کارەوە بەڕاستی، ئەوە یەك، دوو/ هاوکات یەکەم ئیمزا ئیمزای جەنابی مامۆستا مەلا عثمان خۆیەتی کە پرۆژە یاساکەی ئیمزا کردووە، من دەمەوێ لێرە بەڕاستی هەڵە هەر کەس بیکات هەر هەڵەیە، نابێ بەسەرمان دا تێپەڕێ، دەمەوێ تەوزیحی ئەوە بدەم چونکە شەریعەتی خوای پەروەردگار پاك و بێگەردە بۆ درێژایی و پانتایی زەمین و زەمان هاتووە، ئەم پرۆژە یاسایە ئەسڵەن لەگەڵ روحی شەریعەت دا دەگونجێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه واله و سلم) لە فەرموودەی (صحیحة) کە ئیمامی (أحمد) و ئیمامی (أبو داود) هێنایانە دەفەرموێ (رفع القلم عن ثلاث: عن المجنون حتی یفیق و عن النائم حتی یستیقظ و عن الصبي حتی یحتلم)، (قەلەم هەڵگیراوە لەسەر سێ کەس: لەسەر شێت تا چاك دەبێتەوە، لەسەر کەسێك خەوتبێ تاکو هەڵسێتەوە، لەسەر کەسێ کە منداڵ بێت هەتا وەکو بالغ ببێت)، لەبەر ئەوە ئەسڵەن منداڵ ئەگەر قەتلیش بکات عولەما دەفەرموون قەتلی عەمدی هەر (خطأ)ە و (خطأ)ی هەر (خطأ)ە، یەعنی بە عەمدیش یەکێك بکوژێت بە (خطأ) حیساب دەکرێ، پێویستە لەسەر کەس و کارەکەی کە خوێنەکەی بدەن، نەك خۆی بکوژرێتەوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەو بابەتە هیچ پێچەوانەی شەریعەت نییە، بەڵکو لەگەڵ نەصی فەرموودەی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه و آله و سلم) موناسیبە و گونجاو و موناسیبە و هەڵەی هیچ کەسیش بەڕاستی بەسەر دینی خوا و بەسەر پەیامی خوای پەروەردگارەوە حیساب ناکرێت، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، دەستتان خۆش بێ، کاك بختیار، فەرموون.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بەو یاسایە وابزانم بەس لۆ (مذکر)ە و لۆ (مؤنث) نییە، ئەگەر (فتی) (لاو) تاوانێکی ئەنجام بدات، (فتی) لە عەرەبی لۆ (مذکر)ە (فتاة) لۆ ئافرەتە، عەینی شت (صبی) و (صبیە)، ئەوجا بەس لۆ جنسی (مذکر) هاتیە، پێم باشە یێدی تریش ناوەکەی دیار ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك بختیار دەستتان خۆش بێ، کاك إدریس، فەرموو.

**بەڕێز إدریس إسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە کاك بختیار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبـعەن هەمـان مـولاحەزەی مـاددەكەی پێشـووم هەیە، ئەویـش ئەوەیە كە ئەو قوتابخانـانە لە كوردستان دا نـین، بەڕاسـتی ئەمە ئەركێكـی گەورەی لیـژنەی كاروبـاری كـۆمەڵایەتی یە لە دوای دەرچوونی ئەم هەمواره بوون بە یاسای، لەگەڵ وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی كار بكەن، بـۆیە ئەم قوتابخانانە بكرێنەوە، بۆ ئەوەی یاساكە بە فیعلی، چونكە بەڕاستی فەلسەفەی یاسـاكە سـزا بەدیلەكەیە، سزا بەدیلەكەش بە قوتابخانەی (تأهیل) شیاندن هاتووە، واتـا ئەگەر ئەو قوتابخـانە دروست نەكـرێن وەكـو ئەوە وایە ئەو یاسـایە هەر دەرنەچووبێـت، ئەوە خاڵێـك، خـاڵێكی تـر بە نیسبەت دیاری كردنی تەمەنەكانەوە ئەو یاسایەی كە لە كوردستان دەرچووە ئیشـكالێكی تیـایە، من وای دەبینم، نازانم، ئیشكالەكە ئەوەیە لە بڕگەی خاڵی دووەم و سێیەم دا، بۆ نمونە، تەمەنـی (١١)ت تەواو كردبێت نەگەیشتبێتە (١٨) ساڵ، جارێك دەڵێ (مێردمنـداڵ) دیسـان دەڵـێ تەمەنـی (١١) ساڵی تەواو كردبێـت تـا (١٥) سـاڵ دەڵـێ (منـداڵ) كەواتە (١٢) و (١٣) و (١٤) بە دوو پێناسـە كردووە، جارێك مێرد منداڵ دەیگرێتەوە، جارێك منداڵ، ئەمە ئیشكالە گەڕانەوە بـۆ ئەم یاسـایە، بۆیە بیزەبت بۆچوونی جەنابت دروستە، ئێمە دەبێ لێرە عیلاجەكە ئەوەیە یـان مـاددەیەك زیـاد بكەیـن، تەمەنەكـان بەڕوونـی بنووسـین، یـان پشـت بە ئەسـڵی یاسـاكەی ریعـایەی ببەسـتین بە هەمواریيەكە كە یاسای (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ، ئـێمە لیژنەكانمـان راسـپاردووە شـتێكی تەوفیـق بـێ، یەعنـی ئینسـیجامێك لە بەینـی هەموویان دروست بكەن، سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ حەلی ئەوەی كە جەنابت هەردوو لیژنەت راسپاردووە، كارێكی قـوڕس نیـیە، پێمـوایە شـتێك هەیە ئاسـانە دەتـوانین لە نـاو ئەمەدا دیـاری بكرێـت، بـۆ نمـونە بـڕگەی یەكەم كە دەڵـێ (لاو) نەووترێ (فتى) و ئەو شتانە، (لاو) لە نێوان (١٥) بۆ (١٨) ساڵ بنووسرێتەوە، ئیشارەتی پێ بكرێ، مەبەستمان لەوەیە، بەڵام لە راستی دا دەستەواژەی (لاو) لە كوردی دا هەر (گەنج)ە، لە عەرەبـی دا (شباب)ە، (فتى) (لاو) نیـیە، جـا بـۆیە بەڕای مـن مەسـەلەن (UN) كاتێـك كە پێناسـەی گەنـج دەكـات، دەڵـێ گەنـج چیـیە؟ (١٥) بـۆ (٢٤) سـاڵە، بـانكی دەولـی دەڵـێ (نـا (١٥) بـۆ (٢٥) سـاڵە)، بەرنامەی (Common Wealth) بۆ گەنجان دەڵێ نەخێر (٢٥) بـۆ (٢٩) سـاڵە، هەنـدێك پێیـان وایە گەنـج لە (٢٠) بـۆ (٢٩) سـاڵە، بە پێـی ئەو دەسـتەواژەی (لاو)ە كە هـاتووە، كە (گەنـج)ە ئەمە دەستنیشان بكـرێ، یـان بڵێـین (ئەو منـداڵە یـان ئەو مێرمنـداڵەی تەمەنـی لە نێـوان ئەوەنـدە بـۆ ئەوەندەیە ئەگەر تاوانێ بكات جینایەتێك ئەنجام بدات)، پێموایە ئەوە حەلێكی باش دەبێ، یـان ئەو منداڵەی تەمەنی لە نێوان (١٢) بۆ (١٦) ساڵە بۆ (١٥) سـاڵە تاوانێـك بكـات بەم شـێوەیە بێـت، رزگارمان دەبێ لەو كێشەیە و چارەسەر دەكرێ بەڕای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (سێیەم) خاڵی (یەكەم) دەڵێ ئەگەر (لاو) (فتی) تاوانێك یان جینایەتێكی ئەنجام دا سزایەكەی زیندانی كاتی بێت ئەوا پێویست لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بە پێی یاسا بۆی دیاری كراوە حوكمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی (شیاندن)ی لاوان بە ماوەیەك كەمتر نەبێت لە (٣) ساڵ و زیاتر نەبێت لە (٧) ساڵ، لە بڕگەی (دووەم)یش دا كە سزای زیندانییەكەی هەمیشەیی یە، ئەوەی یەكەم كاتی یە، هی دووەم هەمیشەیی یە، ئەویش لە بەینی چوار ساڵ بۆ حەوت ساڵە، یەعنی بۆچی هەردووكی سزای كاتی و هەم هەمیشەیی سزای حەوت ساڵە زۆرینەكەی؟ پێشنیار دەكەم دەستكاری بكرێت ئەوەی دووەم لە حەوتەكە بكرێ بە نۆ یان دە، سێیەمیش لەگەڵ وشەی ئەوەی (لاو) تەمەنەكان دیاری بكرێ لەوانەیە موشكیلەی كەمتر هەبێت، پشتگیری قسەكانی مامۆستا (عمر)یش دەكەم، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ئیشكالی ماددەی پێشووترە، پشتگیری بەشێكی كاك مەم دەكەم لەسەر (لاو)، (لاو) نەتەوە یەكگرتووەكان ڕەئی جیاوازە لەسەر (لاو) و لە زمانی عەرەبیش دا كە لە (٩) شوێنی قورئان دا بە (فتی) و بە (فتیات) هاتووە لە (٩) جێگەی قورئان دا، یەعنی ئەو تەمەنە نییە لە ڕاستی دا كە (١٥) بۆ (١٨) بێ، بۆیە من پێم باشە ئەوە تەمەنی (١٥) بۆ (١٨) بكەین بە (نەوجەوان) چونكە (لاو) لە زمانی عەرەبی دا تا (٤٠)ساڵیش دەگرێتەوە كە (سن التكامل)ە، لە نەتەوە یەكگرتووەكانیش دا پێناسە كراوە هەتاوەكو (٣٥) ساڵ لەو ڕووەوە، بۆیە بە ڕای من وشەی (لاو) تێبینی لەسەرە كە دەبێ ئەمەش داڕشتنەوەی بۆ بكرێ و پێناسەیەكی وردی بۆ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٣) بەڕاستی هەر سێ بڕگەكە كە هاتووە یەكەمیان ئەوە هەر ئەو تێبینییەی پێشتر كە دام گوتم سزاكان هەمووی بكرێنە ڕێ و شوێن بە (تدبیر) لەبەر ئەوەی لە یاسا ئەسلییەكان دا هاتووە، ئەو (تدبیر)انەی كە لە زیندانی كاتی یەكەم هێناویێتی لە (٣) ساڵ بۆ (٧) ساڵ، دووەم/ زیندانی هەمیشەیی وەكو ماددەی پێشووتر نییە لێرە هەمیشەیی یەكە هاتووە، چونكە ماددەی پێشووتر هەر لە زیندانی كاتییەوە ڕۆشتبوو بۆ لە سێدارەدان، ئەو هەمیشەییەمان نەبوو كە وتمان دەبێ موعالەجە بكرێ، ئەمە لە چوار ساڵ بۆ حەوت ساڵ هێناویێتی، ئەوەی سێیەمیش لە سێدارەدانە (٥) ساڵ بۆ (١٥) ساڵ، ئەگەر سەیری ساڵەكان

بکەیــن، یەعنــی (٣) ســاڵ بــۆ (٧) ســاڵ، (٤) ســاڵ بــۆ (٧) ســاڵ، بە(٥) ســاڵ بــۆ (١٥) ســاڵ، وا دادپەروەرانەترە بەڕای من بڕگەی دووەم بکرێ بە (٤) ساڵ بۆ (١٠) ساڵ، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە دووەم جارە سەرچنار خان دەیڵێیتەوە، کامە بکەین بە ڕێ و شوێن، خۆی ڕێ و شوێن مەبەستی ئەوانەیە کە هاتووە لە دوای عقوبەکە، مەسەلەن مەدرەسەی تەئهیلی و ئەوانە، یەعنی ئەگەر لاو تاوانێك ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێ، سزای تاوانەکە. ئێ ئەوە چی لێ بکەین؟.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای چاودێری نەوجەوانان دا هاتووە (تدابیر) هاتووە، سزا نەهاتووە، دەتوانێ بوترێ سزاکەی بکرێ بەوێ و ڕێ و شوێنەکەی بکرێ بەوێ تەدبیرەکەی بکرێ بەوێ، بە هیچ شێوەیەکی وشەی سزا، عقوبە بۆ نەوجەوانان بە کار ناهێنرێ، مەبەستم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مسلم، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستتان خۆش بێ، لە راستی دا ئێمە باس لە یاسایەك دەکەین کە باس لە تەمەنێکی زۆر هەستیار دەکات ئەویش تەمەنی منداڵە، ئەو تەمەنە لە راستی دا تەمەنێکە، قۆناغێکە لە ژیانی ئینسان کە ئیستیعابی منداڵ، ئیستیعابی تەمەنی ئینسان لەو ماوەیە زۆر زۆر فراوانە، هەم خێرایە لە وەرگرتن جا بە باشە یان خەراپە، بۆیە من تەرکیزم لەسەر یەك فەقەرەی ئەم ماددەیەیە، لە ماددەی (٢)ش دا زۆر تەرکیزی لەسەر کرا، ئەویش کردنەوەی قوتابخانەی شیاندنانە، ئێمە راستە لە هەرێمی کوردستان دا قوتابخانەی شیاندنمان نییە، بەڵام پێویست دەکات لێرە وەکو چارەسەرێکی زۆر گونجاو بکرێتە ئیلتیزامێك بۆ کردنەوەی ئەو جۆرە قوتابخانانە، چونکە ناکرێ منداڵ تێکەڵی خەڵکی تری تاوانبار بکرێ، ئێ کە ناکرێ دوایی دەیدەیتەوە دەستی خاوەندارەکەی، بەڵام وەکو چارەسەرێك، وەکو دووبارە شیاندن و پەروەردە کردنی پێویست دەکات ئەم جۆرە قوتابخانانە دروست بکرێن، بۆ ئەوەی لەو قوتابخانانە ئەم منداڵانە دووبارە دروست بکرێنەوە، پەروەردە بکرێنەوە، بە هەڵەکانی خۆیان دا بچنەوە، چونکە خۆتان دەزانن بەڕاستی وەك باسم کرد ئەمە قۆناغێکی زۆر هەستیارە بە تایبەت لە سەردەمی ئێستا کە سەردەمی ئاڵۆزی ژیان و سەردەمی تاوان و سەردەمی فیتنە و ئەوانەیە، من تەرکیزم لەسەر ئەوەیە بەڕاستی لەم یاسایە کە یاسایەکی زۆر باشە، بەڵام تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین ئیلتیزامێك بخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەم جۆرە قوتابخانانە کە بوونیان نییە دروست بکرێن، بۆ ئەوەی کە دووبارە پەروەردەی منداڵانی تێدا بکرێتەوە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە لەو تەمەنەدا تاوانێك تیای ئەنجام دەدەن، یان هەڵەیەك لە ژیانیان دا ڕوودەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس كاك مسلم، د.إسماعيل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعيل على طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

من دڤێت ئەز ئاخافتنەكێ بكەم و پیچەكی تەركیز ل سەر بێتە كرن ئەگەر زەحمەت نەبیت، ئەگەر ژیێ (فتى) (لاو) ش (١٥)ێ حەتا (١٨)ێ بیت، ئەگەر وەسا بیتن وەسا تێگەهیشتم وەختێ هاتیە عەرز كرن بەلێ فیعلەن ئەڤە موخالیفی ئایاتێت صەریحێت قورئانێنە، نابیتن ئەڤە ببێتە تەمریر كرن، ئەو حەدیسا سەیدایێ شێخ بۆمە هینای (الصبی حتی یحلم) ڤێ د بێژی (صبی) هەر گاڤا (حلم) گەیشتە بلوغێ نابیژنێ (صبی)، د ڤێرێ دا (١٥)ی وێ ڤە هەر (فتی)یەو هەر ئیدی یە، فە مە دوو ئەهلییەتێت هەی ل شریعەتی دا (أهليه كامله و أهليه ناقصه)، راستە ئەم ل گەل (أهليه ناقصه)ینە ڤی شكلی سەرەدەری سەر بێتە كرن، تەعامول ل گەل بێتە كرن، عقوباتیت بەدیل بۆ وی هەبن ڤێ ئەهلیا ناقص، ئەهلیا ناقص نەگەهەشتییە حەددی بلوغێ، چونكی مە تەكلیفی هەی عاقل، بالغ، ئەگەر عاقل بیت و بالغ بوو ئەڤ مرۆڤە هەر تاوانەكا بكەتێت شەریعەتی دا سابتە و نە جهێ ئیختیلافێ یە لە ناڤبەرێ (علماء)دا نەش مەسائیلێت ئیختیلافینە حەتا كو، ئەگەر نەش مەسائیلێت ئیختیلافی یە مەعنا وێ (ثوابت)ە، ئەگەریش (ثوابت) بیت دەستوورێ عیراقێ دا هاتیە ئیدی كرن چەسپاندن ناچێ ب چ قانوون بێینە دانان موخالیفی (ثوابت)یت شەریعەتی بیتن، ژ ئان ڤێت ئەم تەحدید كەین بێژین (لاو) كیژیشی حەتا كیژی یە بیننە بن وی عومری ئەو عومری بن بلوغێ دا، ئەگەر مە سەرێ خستە سەر بلوغێ دا بەڵێ وەسایە وەكو سەیدایێ (شیخ عثمان)ی گوتی، چونكی ئەوە واضحە رب العالمين گوتیتی (يا أيها الذين يَمنوا كتب عليكم القصاص كما كتب علي الذين من قبلكم)، یەعنی موهیم ئایەتێت قورئانێ وازحە، پێتڤیا گەل گەهیشتە عومری بلوغێ ش بلوغێ یێ ڤە تەحەمولا مەسئولیەتا خۆ دكەتن بۆ هەر ئیدیەكا هەبیتن، ژ بەر هەندێ ئەز دبینم ئەڤی بابەتی پێتڤیێ گەلە گەلەك یەعنی هوردەكاری تەعامولێ ل گەل بكەن و نەك چیتە عومری بلوغێ دا و بچیتن، گەلەك مەمنون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەگەر لیژنە قسەتان نییە، ماددەی (٤)، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری سەرچنار خان لەو ماددەیە و لە ماددەی پێشتریش خۆ لە عیراق دا راستە یەعنی نەهاتووە ئەم جوملەی دووەم كە دەڵێ (لە جیاتی ئەو سزایەی بە پێی یاسا بۆی دیاری كراوە)، لێرە هاتووە وەكو تەوزیحی زیاتر، بەس ئەگەر لادەین كورتتر دەبی هیچ كێشە نییە، یەعنی تەئسیریش ناكات لەسەر حوكمی ماددەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە بەڕێزان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

ماددەی (٤):

پیادەرکردنی ماددەی (٨٠)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (٨٠):

یەکەم/ دادگای نەجەوانان لە کاتی حوکمدانی نەوجەوانان لە تاوانێك یان جینایەتێك یان کەتنێك بە ڕێ و شوێنێکی ئازادی لێسەنەر بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ دەتوانێ بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ دەتواندرێ بڕیاری راگرتنی ئەم ڕێ و شوێنە بدات بۆ ماوەی دوو ساڵ کە لە ڕێکەوتی حوکمەکە دەست پێ دەکات ئەگەر لە رەوشت و راپۆرتی لێکۆڵەری کەسایەتی و بارودۆخی تاوانەکە شتێکی بینی ببێتە مایەی باوەڕبوون بەوەی کە تاوانێکی نوێ ئەنجام نادات، لەگەڵ پابەندکردنی بەخێوکار یان یەکێك لە خزمەکانی بە پێشکەش کردنی بەڵێننامەیەك بە باش پەروەردە کردن و راست کردنەوەی لە ماوەی راگرتنی دا و سپاردنی بڕە پارەیەك لە سندووقی دادگا کە دادگا بڕیاری لێ دەدات بەو شێوەیە لەگەڵ باری دارایی بگونجێت و لەم بارەیەوەش حوکمی ماددەکانی (١٤٧) و (١٤٨) و (١٤٩)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لەبەرچاو دەگیرێت.

دووەم/ ئەگەر نەوجەوانان لە کاتی حوکمدانی لە تاوانێك جینایەتێك یان کەتنێك بە ڕێ و شوێنێکی ئازادی لێسەنەر بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە یەك ساڵ و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو بکات، ئەوا دادگا نەوجەوانان دەتوانێ بڕیاری راگرتنی ئەم ڕێ و شوێنە بدات لەم بارەیەش حوکمی ماددەکانی (١١٨) (١٤٥) (١٤٦) (١٤٧) (١٤٨) (١٤٩)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لەبەرچاو دەگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێت سوپاس، کێ قسەی هەیە؟ د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ تەنها یەك وشەی بۆ زیاد بکەم، دوای دێری پێنجەم دوای (مایەی باوەڕبوون و سەلماندن)، یەعنی لەگەڵ ئەوەی بە قەناعەتیان بێت، دەبێت ئیسپاتیش بکرێ بۆ ئەوەی ئەو ئیزافەیە بکەین، لە بڕگەی دووەم لە دوای ئەوەی بڕیاری راگرتنی ئەو ڕێ و شوێنە بدات تەحدیدی ماوەکەی نەکردووە، ئایا چەند؟ ئەوەی یەکەمیان تەحدیدی کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەتوانێ رایگرێ، بەڵام لێرە ماوەکەی دیاری نەکردووە، پێشنیار دەکەم کە لێرەش دیاری بکرێت، تەحدیدی ماوەی راگرتنەکەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (دادگای نەوجەوانان لە کاتی حوکمدانی نەوجەوان بە تاوانێك، جینایەتێك، یان کەتنێك بە ڕێ و شوێنی ئازادی لێسەنرێ بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە

یەك ساڵ دەتوانێ بۆ ماوەیەك كە لە یەك ساڵ دەتواندرێ بڕیاری ڕاگرتنی ئەم ڕێ و شوێنە بدات)، ئا لێرەوە تەبعەن ئەگەر ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە ئەوە ئیقاف تەنفیزەكە سێ ساڵەكەیە كراوە بە دوو ساڵ، قسەم لەسەر ئەوە نییە، بەس بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕێككەوتی حوكمەكە دەست پێ دەكات لە دوای ئەوە هەتا ئەخیر زیادەیە، چونكە ماددەی (١٤٧) (١٤٨) (١٤٩) لە یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) باسی ئیقاف تەنفیز و وردەكاری دەكات، ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر بەستوێتییەوە بە ڕاپۆرتی لێكۆڵینەوەی كەسایەتی، ئەو ڕاپۆرتەی كە بۆ كاتێ كە نەوجەوانێك جینایەتێك دەكات دەچێتە بەردەم دادوەری موختەصەوە، ئەم یاسایە یەكێك لە هەدەفەكانی بۆ ئەوەی تەوسیعی صەلاحییەتی قازی بكات، بەس لێرە تۆ بۆ ئەهێنی ئەیبەستیتەوە بە ڕاپۆرتێكەوە؟ لە نەوجەوانیش دا سەوابق ناگیرێت، یەعنی پەنجەی دەست بۆ نەوجەوان نییە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی دادوەر هەر ئیعتیماد نەكاتە سەر ڕاپۆرتی لێكۆڵینەوەی نەوجەوانەكە، خۆی ئەو صەلاحییەتە فراوانەی هەبێت، بە پێی قانوونی ئەوەی كە لە (٦٩)ی (١١) ئەو ماددانە هەر خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە تەحصیل حاصلە پێویست بەوە ناكات، تا وەكو وتم تا ئەو شوێنە باشە ئەوی تر من بە زیادەی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

ئەز پشتگیریا خوشكە (سەرچنار)ی دكەم بۆ چوونێت وێ دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پەیوەندی بە كۆی هەموارەكەوە هەیە، پرسیارێكم هەیە لە لیژنەی قانوونی، ئەم هەموارە ئەسەری ڕەجعی هەیە؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرە نییە با بێتەوە كاك بژار، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز لیلى عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٥):

كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوای ئەوە.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٦):

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٧):

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

ماددەی (٧):

ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆکارەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتەکی فراوانتر بۆ دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی ڕێ و شوێنی هەمەجۆرتر بە شێوەیەك نەبێتە مایەی دوورخستنەوەی نەوجەوانان لە خێزانەکەی و جیاوازی کردن لە نێوان بەرپرسیارێتی (منداڵ) (صبی) (لاو) (فتی) ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داڕشتنەوەی ئەم هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شێوەیە پێشکەشی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم، بەم شێوەیەی لێ بکرێ:

(بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی ڕێ و شوێنی هەمەجۆر بۆ ئەوەی نەوجەوان لە خێزانەکانیان دوور نەخرێنەوە و جیاوازی نەکرێ لە نێوان بەرپرسیارێتی قۆناغەکانی تەمەنی مناڵ و مێردمنداڵ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا).

لە حاڵەتێك دا ئەگەر مێردمنداڵ یاخود بڵێی قۆناغەکانی تەمەن لە نێوان ئەوەندە ساڵ بۆ ئەوەندە ساڵ ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا أبوبکر، کاك بـژار نەهـاتەوە، قـانوون ئیعتیـادی ئەگەر بە نەص نەڵـێ ئەسەری ڕەجعی هەیە، نایبێ، بەڵام ئەو قانوونانەی کە بوعدی جینائیـان هەیە (الأصـلح للمـتهم) عـادەتەن ئیسـتیفادەی لـێ دەکەن، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان سـوپاس بـۆ پەرۆشـیتان، بـۆ بەشداری کردنی زۆر باشتان لە دەوڵەمەند کردنی هەردوو پێشنیازە یاساکە، بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٧

سالْی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالْی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠٢٢/٦/٢٢ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٣ ل ١٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٧ ل ٢٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٩ ل ٢٨٥

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئێستا بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار جێ بەجێ دەکەین کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)، فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: ڕاپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠)، کاتژمێر (٩:٣٠) بەیانی، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوویکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن بۆ تاوتوویکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری و شیاندنی نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی، پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیارمان هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (٧٥) کەسی لەگەڵ، زۆر سوپاس، بە دەنگی زۆرینە پەسەندکرا، فەرموو ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەك سێ پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکریت، پیادەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٥٤): دادگای نەوجەوانان کۆدەبێتەوە بە سەرۆکایەتی دادوەرێك کە بەلایەنی کەم لە پۆڵینی سێیەم بێت و دوو ئەندام یەکێکیان یاسایی بێت و ئەوەی دیکە تایبەتمەند بێت بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ، دادگا دەڕوانێتە تاوانەکان جینایات بە سیفەتی پێداچوونەوە و بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە یەکلایی دەکاتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت، پیادەکردنی ماددەی (٥٤)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

مـاددەی (٥٤): دادگـای نەوجەوانـان پێكـدێت لە سـەرۆكایەتی دادوەرێـك كە بەلایەنـی كەم لە پۆڵینی سێیەم بێت و سێ ئەنـدام یەكێكیـان یاسـایی بێـت و ئەوەی دیـكە تایبەتمەنـد بێـت بەو زانستانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و پزیشكێكی دەروونی بێت كە خاوەن ئەزموون بن بـۆ مـاوەیەك كەمتـر نەبێـت لە پێـنج سـاڵ دادگـا دەڕوانێـتە تاوانەكـان جینایـات بە سـیفەتی پێـداچوونەوە و بڕیارەكـانی دادوەری لێكـۆڵینەوە یەكـلای دەكـاتەوە بەپێـی حوكمەكـانی ئەم یاسایە.

پێشنیاری سێیەم: وەكو خۆی.

مـــاددەی (١): پیـــادەكردنی مـــاددەی (٥٤)ی یاســـاكە هەمـــوار دەكـــرێتەوە و بەم شـــێوەیە دەخوێندرێتەوە.

(٥٤): دادگای نەوجەوانان پێكدێت لە سەرۆكایەتی دادوەرێك كە بەلایەنی كەم لە پۆڵینی سێیەم بێـت و دوو ئەنـدام یەكێكیـان یاسـایی بێـت و ئەوەی دیـكە تایبەتمەنـد بێـت بەو زانسـتانەی پەیوەندیدارن بە نەوجەوانان و خاوەن ئەزموون بن بـۆ مـاوەیەك كەمتـر نەبێـت لە پێـنج سـاڵ، دادگا دەڕوانێتە تاوانەكان جینایات و بە سیفەتی پێداچوونە بە بڕیارەكانی دادوەری لێكـۆڵینەوە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە یەكلا دەكاتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەكەم سـێ پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری یەكەمە تكـایە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ كەس لەگەڵ نیـیە، كـێ لەگەڵ پێشـنیاری دووەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەكەڵ نییە، كێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ بە دەنگی (٨٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەكەم: ماددەكە وەكو خۆی لەگەل ئەو گۆڕانكارییانەی خوارەوە.

یەكەم: دەستەواژەی منداڵ بكرێتە مێردمنداڵ.

دووەم: دەستەواژەی سزا بكرێتە ڕێ و شوێن.

پێشنیاری دووەم: ماددەكە بەم شێوەیەی لێبكرێت، پیادەكردنی مـاددەی (٧٦)ی یاسـاكە هەمـوار دەكرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٧٦):

یەكەم: ئەگەر منـداڵ (صبی) تـاوانێكی جینـایی ئەنجامـدا سـزای ئەو تـاوانە زینـدانی بێـت كە ماوەكەی لە دە ساڵ زیاتر نەبێت، دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سـزاییەی بەپێـی یاسـا بـۆی دیاریكراوە بە یەكێك لەم ڕێ و شوێنانەی خوارەوە حوكمی بدات.

أ-رادەستكردنی بەخێوكەر یان یەكێك لە خزمەكانی بەپێی بەڵێننامەی دارایی كە دادگا مەزەندی دەكات بەو شێوەیەی لەگەڵ باری دارایـی بگونجێـت بـۆ ئەوەی هەڵبسـتێت بە جـێ بەجێكردنـی

ئەو راسپاردانەی دادگا بڕیاری لێوە دەدات بۆ مسۆگەرکردنی باش پەروەردە و رفتارکردنی و ئەنجام نەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.
ب-دانانی لە ژێر چاودێری رفتاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
ج-دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
دووەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە زیندانی بێت کە ماوەکەی لە دە ساڵ زیاتربێت پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی دەدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
سێیەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیارکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە دە ساڵ.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
ماددەی (٢): پیادەکردنی ماددەی (٧٦)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.
ماددەی (٧٦):
یەکەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزایەکەی زیندانی بێت کە ماوەی لە دە ساڵ زیاتر نەبێت دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە بە یەکێك لەم رێ و شوێنانەی خوارەوە حوکمی بدات.
أ-رادەستکردنی بەخێوکەر یان یەکێك لە خزمەکانی بەپێی بەڵێننامەی دارایی کە دادگا مەزەندی دەکات بەو شێوەیەی لەگەڵ باری دارایی بگونجێت بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە جێ بەجێکردنی ئەو راسپاردانەی دادگا بڕیاری لێوە دەدات بۆ مسۆگەرکردنی باش پەروەردە و رفتارکردنی و ئەنجام نەدانی تاوانێکی دیکە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە یەك ساڵ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ.
ب-دانانی لە ژێر چاودێری رفتاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
ج-دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
دووەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتێك ئەنجام بدات سزایەکەی زیندانی بێت کە ماوەکەی لە دە ساڵ زیاتربێت پێویستە دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی دەدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ.
سێیەم: ئەگەر منداڵ (صبی) تاوانێکی جینایەتی ئەنجام بدات سزای ئەو تاوانە لە سێدارەدان بێت پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیارکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندنی منداڵان بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە دە ساڵ.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر دوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینەوە روو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، ماوەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەتێك لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دووەم چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەکەڵدا نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدا نییە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: وەکو خۆی.

ماددەی (٣):پیادەکردنی ماددەی (٧٧)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

ماددەی (٧٧):

یەکەم: ئەگەر ئەو منداڵە (فتی) تاوانێکی جینایەت ئەنجام بدات سزاکەی زیندانی کاتی بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

دووەم: ئەگەر ئەو منداڵە (فتی) تاوانێکی ئەنجام بدات سزایەکی زیندانی هەمیشەیی بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایەی بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەیەکی شیاندن لاوان بە ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە چوار ساڵ و زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ.

سێیەم: ئەگەر لاو (فتی) تاوانێکی جینایەت ئەنجام بدات سزایەکی لە سێدارەدان بێت ئەوە پێویستە لەسەر دادگای نەوجەوانان لە جیاتی ئەو سزایە بەپێی یاسا بۆی دیاریکراوە حوکمی بدات بە دانانی لە قوتابخانەی شیاندن لاوان بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە پێنج ساڵ و زیاتر نەبێت لە پانزە ساڵ.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەت لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لادەبرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێیەم دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، ماددەی چوار بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی جینایەتێك لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوارەم دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێز لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، کێ لەگەڵ پێشنیاری دووەمە پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٥): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، زۆر سوپاس. ماددەی شەش خوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز گوڵستان سعید باقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش هیچ پشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٦): لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جی بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت هیچ پێشنیارێك نییە، وەکو خۆی.

ماددەی (٧): ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت هیچ پێشنیارێك نییە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ماددەکە پەسەندکرا، فەرموو سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی مادده (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیارکراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە روو بۆ زیادکردنی دوو مادده بە زنجیرەی هەشت و نۆ، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان و بەم شێوەیەی خوارەوە.

ماددەی (٨): ماددەیەك بە زنجیرەی ماددەی یەك زیاد بکرێت بۆ یاساکە و سەر لە نوێ زنجیرەی ماددەکانی تر ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یەکەم: ماددەی سێ و بڕگەی یەکەم لە مادده (٤٧)ی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی یاسای چاودێریکردنی نەوجەوانان لە هەرێم لە کار دەخرێت.

دووەم: بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنێت.

١- نەوجەوان (حدث): ئەوەی یازدە ساڵی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٢- منداڵ: ئەوەی تەمەنی یازدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٣- مێرمنداڵ: ئەوەی تەمەنی یازدە تەواوکردبێت و پازدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٤- هەرزەکار: ئەوەی پازدە ساڵی تەواوکردبێت و هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.
٥- خاوەنەکانیان: باوك یان دایکە یان ئەو کەسەیە کە منداڵ یان مێرمنداڵەکی لە ژێر سایەدا بێت یان بە بڕیارێکی دادگایەکی لەو دووانە پەروەردە بکات.

سێیەم: هەر کەسێك لە کاتی ئەنجامدانی تاوان (جریمة)دا تەمەنی یازدە ساڵی تەواو نەکردبێت سکاڵای یاسایی لەسەر ناکرێتەوە.

ماددەی (٩):

ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بە زنجیرەی مادده پێنج بۆ یاساکە و سەر لە نوێ زنجیرەی ماددەکانی تر ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە.

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١ یاسای دیاریکردنی تەمەنی جینایات لە هەرێمی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند بەر مەبنای ئەوەی کە لە هۆڵی پەرلەمان لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە داواکرا، لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند ئەو ماددەیان زیادکردووە، هەر بەڕێزێکی لەگەڵ ماددەی یەکەمی زیادکراوە

تکایه دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ، پەسەندکرا، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی دووەمی زیادکراوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: هۆیەکانی دەرچوواندن:

بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی رێ و شوێنی هەمە جۆر بۆ ئەوەی نەوجەوانان لە خێزانەکانیان دوور نەخرێنەوە و جیاوازی نەکرێت لە نێوان بەرپرسیاریەتی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ و مێرمنداڵ ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم: وەکو خۆی.

**هۆیەکانی دەرچوواندن:**

لە پێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی فراوانتر بۆ دادگای نەوجەوانان لە هەڵبژاردنی رێ و شوێنی هەمەجۆرتر بەو شێوەیەی نەبێتە مایەی دورخستنەوەی نەوجەوان لە خێزانەکەی و جیاوازیکردن لە نێوان بەرپرسیاریەتی منداڵ (صبی) و لاو (فتی) ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، کۆی یاساکە دەخەینە دەنگدان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٩٠) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکرا، یاسای هەمواری جێ بەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣، زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، تا ئەوان دێن کاك د. هێمن روونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموون.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دواداچوونی زیاتر بۆ کاروباری لیژنەکان بە پێویستمان زانی کە تەئکید بکەینەوە کە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی بەدواداچوونی ورد بۆ کاروباری لیژنەکان کراوە، وە ئەمەش کە لەبەر دەستمانە بۆ نموونە ئەمە راپۆرتی ساڵێکی تەواوی لیژنەکانن کە ئاراستەی هەر شانزە فراکسیۆنەکەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، هەڵسەگەندن بۆ ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی بێ مۆڵەت و بە مۆڵەتی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەر لیژنەیەك کراوە، وە سەرەنج و تێبینیش لەسەر زۆرترین رێژەی بەشداربوون دراوەتە سەرۆکایەتی فراکسیۆنە بەڕێزەکان، ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٢٠_٢٠٢١)، ئەمەش بۆ ساڵی (٢٠١٩)یە کە لەبەر دەستماندایە، بۆیە ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین پێداچوونەوەیەك بە ئدای ئەندامانی بەڕێزتان لە لیژنەکاندا بکەن،